کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# ڤالانتین

هێمن ڕەئووف
www.hemnrauf.kurdblogger.com

ئێواران کە دەهاتە لام
چاوی بۆ خەمێک دەگێڕا
بیکاتە خۆراکی شەوم
بەڵام ئەم ئێوارە هات و
خۆی بوویە شەکری موحیبەت
بۆ ئەم شەوم



ئێواران کە دەهاتە لام
وەک ڕەشەبا هەموو
جەستەمی ئەشێواند
بەڵام ئەم ئێوارە هات و
هێدی هێدی وەکو جاران
نەرم و نیانی خۆی نواند

ئێواران کە دەهاتە لام
وەکو درەختی پایزان
گەڵا و گوڵم هەڵدەوەراند
بەڵام ئەم ئێوارە هات و
وەکو بەهار
چرۆی هیوای لەجەستەی ماندووما ڕوواند

ئێواران کە دەهاتە لام
پریاسکەیەک دڵڕەنجاندن
دیاری ژووانی تاڵم بوو
بەڵام ئەم ئێوارە هات و
گوڵێکی سور بۆ دیاری من
لە دەستیا بوو

کاتێ ڕوانیم
ڕۆژمێری مۆبێلەکەم
لە ڕۆژی خۆشەویستییدا
میوانێکی ڕۆح شیرینە
زانیم سبەی
ڕۆژی لەدایک بوونەوەی (فالانتین) ە